# پەروەردە و کۆمەڵگا

**عەزیز ڕەئووف**
Azizrauf2003@yahoo.com



### مرۆڤ تەنها بەهۆی "پەروەردە"وە دەبێتە مرۆڤێکی ڕاستەقینە
### کانت

لەگەڵ کردنەوەی دەرگای خوێندنگەکانماندا، لەگەڵ زەنگی دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، گوێبیستی گۆڕان دەبین لە سیستەمی پەروەردەدا، گۆڕانێك کە حکومەت و بەرپرسانی بواری پەروەردە دەیانەوێت دڵخۆشمان بکەن بەوەی کە سیستەمی پەروەردەیان گۆڕیوە و لەمەودوا بە سیستەمێکی مۆدێرن و کراوە نەوەکانمان پەروەردە دەکەن.
بێشك هەوڵی گۆڕینی سیستەمی پەروەردە مایەی پێزانینە و جۆرێکە لە خەمخۆری بەرپرسانی بواری پەروەردە و ڕەنگە کەم تا زۆر دەستیشی هەبێت لە خوڵقاندنی کارەکتەری تەندروست لە کۆمەڵگەدا، چونکە زیاد لە هەر کایەیەکی تر کایەی خوێندن و پەروەردە فۆرمێکی تەواو تەقلیدی وەرگرتبوو کە جگە لە بێدەنگکردن و سەپرێسکردنی خوێندکار چیدی بەرهەم نەدەهێنا.
بەر لە هەر شت پێویستە فەلەق بین بەوەی کە گۆڕان لە پەروەردەدا تەنها گۆڕانێك بێت لەسەر ئاستی ڕووکەش و درێژکردنەوەی کلاسەکان و نەهێشتنی تاقیکردنەوەی نیوەی ساڵ و ئاوێتەکردنی قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و گۆڕانی کلاسی یەکەمی ناوەندی بە کلاسی حەوت. ئەم گۆڕانە لەسەر ئاستی ڕوکەش و فۆرم بێشك ڕازیکرنی کۆمەڵگە و ئەو ڕەخنانەیە کە ئاراستەی بەرپرسانی پەروەردە دەکرێت لەم هەرێمەدا.
ناکرێت باس لە گۆڕانی سیستەمی پەروەردە بکەین بەبێ میتیۆدێك کە تەفسیرمان بەرامبەر بە مرۆڤ بگۆڕێت. گۆڕینی سیستەمی پەروەردە گەر لە سەر ئاستی دەرەکی و ڕوکەش بێت ئەوا گۆڕانێکە شایەنی ئەوە نیە دڵخۆشمان بکات. گۆڕینی ئاڵای عیراق بە کوردستان و سرودی وەتەنولەدا بە ئەیرەقیب و گۆڕینی مێژووی بەعس بە مێژووی کوردی، جگە لە گۆڕانێکی ڕوکەش هیچی دی نیە. ئێمە بەر لە هەر شت دەبێت تەفسیری خۆمان بەرامبەر بە ئاڵا و سرود و مێژوو بگۆڕین، ئەمەش بە میتیۆدێکی نوێ دادەڕێژرێت، نەك گۆشکردنی خوێندکار بە کۆمەڵێ ڕەمز و دەلالەتی مێژوویی کە لەگەڵ میتیۆدی نوێ و مۆدێرنی سەردەمدا یەکنەگرێتەوە.
بەرپرسانی بواری پەروەردە مادوبوونەکەیان بە هەدەر دەڕوات گەر نەتوانن بەر لە هەرشت حورمەت بۆ پەروەردە بگەڕێننەوە. ئیستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا بێڕیزترین و بێئەمێترین کایە، کایەی خوێندن و پەروەردەیە. سەیرکە ساڵانە بە هەزاران گەنج لە زانکۆ و پەیمانگاکانی ئێمە بڕوانامە بەدەست دەهێنن بەبێ ئەوەی حکومەت بتوانێت خەونەکانیان بهێنێتەدی لە دامەزراندن و هەل بۆڕەخساندن و پراکتیزەکردنی زانستەکانیاندا. ڕۆژانە بە دەیان و سەدان گەنجی ئەم وڵاتە سەفەر دەکەن و کوردستان بە دۆزەخ دەزانن بەبێ ئەوەی سیستەمی پەروەردە توانیبێتی گیانێکی یاخی لای ئەم نەوە نوێیەی دوای ڕاپەڕین بچێنێت.
بەبڕوای من مەسەلەی پەروەردە لە کوردستان بەوەی کە ناتوانێت تاکی ئازاد لە کۆمەڵگەدا بخوڵقێنێت، بەر لە هەرشت پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئێمە دەمانەوێت سەرجەم ئەو وەزیفانەی کە پەیوەندی بە پەروەردەی نەوەکانەوە هەیە بخەینە ئەستۆی سیستەمی پەروەردە. بە مانایەکی تر ئێمە سەرجەم شوێنەکانی تری ژینگەی نەوەکان فەرامۆش دەکەین و چاوەڕێین سیستەمی پەروەردە نەوەکانمان ئازاد بکات. ئێمە بەرلەوەی پەنا بۆ سیستەمی پەروەردە ببەین دەبێت خێزان فەرامۆش نەکەین. پەروەردە هەرچیەك بکات هێشتا دەسەڵاتی خێزانی نیە بۆ نەوەکان. خێزان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خێزانگەلێکی تەواو ستەمکارن، خێزانگەلێك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئامادەگیان هەیە کە کەم تا زۆر نەوەکان لەسایەی دەسەڵاتی باوك و برای گەورەدا چانسی هەناسەدانیان نیە بە شێوەیەکی جیاواز. خێزانگەلێك کە تا ئەم چرکەساتەش کە نەوەکانیان دەبەن بۆ خوێندنگە بە مامۆستاکان دەڵێن: گۆشتی بۆ ئێوە ئێسقانی بۆ من. سەیرکە بەم کۆتەیشنە خوێندکار چۆن خوێندنگەی لێدەبێتە زیندان و سەرجەم حەزوو ئارەزووەکانی بۆ فێربوون تێدا دەکوژرێت.
ئێمە دەبێ پێش ئەوەی سیستەمی خوێندن بگۆڕین، دەبێت بە سیستەمی خێزان و کۆنسێپتی ئەخلاق لە چوارچێوەی خێزاندا بچینەوە. تا ئەم چرکەساتەش گەر ماڵ بۆ نەوەکان زیندانی یەکەم بووبێت، ئەوا قوتابخانە زیندانی دووەم بووە. دەسەڵاتدارانی بواری پەروەردە هەوڵ دەدەن نەوەکان لە زیندانی دووەم قوتار بکەن، بەبێ ئەوەی قسە لە زیندانی یەکەم بکەن. تا ئەم چرکەساتەش خێزان زیندانێکە بۆ سەپرێسکردن و کوشتنی سەرجەم

ئارەزوو حەزەكانی نەوەكان، خێزان زیندانێكە سەرجەم ئارەزووەكانی فێربوون لای تاكەكان دەكوژێت. لێرەوە خستنە ئەستۆی سەرجەم كێشەو قەیران و مردنی ئارەزووی فێربوون بۆ سیستەمی پەروەردە كەم تا زۆر هەڵە تێگەیشتنمانە بۆ خودی پەروەردە بەگشتی.

بەرپرسانی بواری پەروەردە لە هەرێمەدا دەبێت بەر لە هەر شت ئەو دیوارە بەرزانە بڕوخێنن كە بەدەوری خوێندنگەكاندا كێشراوە، گەر نەشتوانن لە ناوەوە گۆڕان دروست بكەن خۆ دەتوانن قوتابخانە لە فۆرمی زیندانەوە بگۆڕن بە شوێنێكی كراوە كە لە باخچەیەكی فێربوون بچێت و نەوەكان كە چوونە ژوورەوە حەز نەكەن بگەڕێنەوە بۆ ماڵ یاخود بۆ ئەو كۆڵانانەی كە حەرف بە حەرفی سیستەمی پەروەردە لەبیر خوێندكار دەباتەوە.